## شەڕی ئیسرائیل – حزبوڵلا ... قۆناغێکی نوێ بۆ دروستکردنەوەی دەوڵەتی لوبنان ... مەریوان نەقشبەندی



دوای ئەوەی لە هەشتاکاندا دەیان هەزار سەربازی سوریا چوونە ناو لوبنان، ئەم دەوڵەتە زۆربەی سەروەری و هەیبەتی خۆی لەستدا و دەرکەوتنی حزبوڵڵاش لە باشوری ئەو وڵاتە ئەوەندەی تر ڕەوشی ئەمنی و سستمی ئیداری و حکومی لە لوبناندا ئاڵۆز و شپرزە کرد، لەو ڕۆژەوە لوبنانیەکان زۆربەی کلتور و تایبەتمەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان لەدەستدا، هەوڵەکان بۆ خۆ ڕزگار کردن لە جبەخانەی سەربازی و هەواڵگری سوریا و هەڵسوکەوتی حزبوڵڵای شیعە مەزهەبی سەر بە ئێرانی ئیسلامی (و ئەو چەکدارانەی کە بە وێنەی (خومەینی) زۆربەی ناوچەکانی باشوری لوبنانیان پڕکردبووەوە، بێئاکام بوو،

دوای ئەوەی ئیسرائیل هێزەکانی لەباشوری لوبنان کێشایەوە، حزبوڵڵا خۆی وەک هێزێکی ئیقلیمی و بەزێنەری ئیسرائیلیەکان خۆی پیشاندا و لەم تێڕوانینە هەڵەیەشدا زۆربەی بزووتنەوە رادیکالی و ئوسولیە عەرەبی و ئیسلامیەکان بەشداریان لە زەماوەندی حزبوڵڵا و چەکدارەکانی کرد کە تا ئێستا ئامادەنین وەک هێزێکی (یاسایی - نیشتمانی – لوبنانی) بچنە ژێر سەروەری دەوڵەت و حکومەتی لوبنان،

لەم چەند مانگەی رابردوو مەسەلەی چەکداماڵینی حزبوڵڵا باسێکی گەرمی ناو پەرلەمانی لوبنان و داواکاریەکی جدی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوو، ئەم داواکاریە نێودەوڵەتیە هاوکات بوو لەگەڵ گوشارە نێودەوڵەتیەکان بۆ سەر حکومەتی (مەحمود ئەحمەدی نەژاد) تا واز لە دۆسیەی پێشخستنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی بهێنێت و دام و دەزگا ئەتۆمیەکانی تاران بخریتە ژێر چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی. تە نگژەی بزوتنەوەی حەماسی فەلەستینی و رفاندنی سەربازێکی ئیسرائیل لە غەزە و زیاد بوونی کاری توند و تیژی لە عیراق هۆکار و هەلێکی لەبار بوو بۆ (حەسەن نەسروڵلا) و حزبوڵڵا تا کارتێکی نوێ بەکار بهێنێ و خۆی لە گوشار و گۆشەگیری نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی رزگار بکات،

رفاندنی دوو سەربازی ئیسرائیل لەلایەن حزبوڵڵا و لەناوچەی (شبعا) کە لوبنان و عەرەبەکان بەناوچەیەکی داگیر کراوی دەزانن، جارێکی دیکە دەرگای دۆزەخی ئالەتی سەربازی ئیسرائیلی لەسەر لوبنانیەکان کردەوە، گومانیشی تێدا نییە حزبوڵڵا و حەسەن نەسروڵلا ئامادەکاری پێشوەختەیان بۆ ئەم کاردانەوە چاوەڕوانکراوەی سوپا و حکومەتی ئیسرائیل کردبوو، لەبەرئەوە زۆر ئاسایی بوو کە خۆ شاردنەوەی ئەندامانی حزبوڵڵا لەناو کوچە و کۆڵانەکانی باشووری (بەیروت) و شارەکانی (یور) و (سەیدا) و شارۆچکەکانی باشووری لوبنان بکەوێتە ژێر رەحمەتی هێرشەکانی ئیسرائیل و ببێتە هۆی کەوتنەوەی چەندین قوربانی لەناو مەدەنیە لوبنانیەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هێزە ئاسمانی و موشەکیەکانی ئیسرائیل لەوپەڕی و وردبینی و ئاستی بەرزی تەکنەلۆژیای سەربازیدان و بەدەگمەن ئامانجەکانیان بزر دەکەن،

چەند رۆژێکە لە پێناو دوو سەربازی ئیسرائیلیدا هەموو لوبنان و لوبنانیەکان لە زەمین و دەریا و ئاسمانەوە گەمارۆ دراوە و سەرەک وەزیرانی ئیسرائیلیش زۆر بەڕونی دووپاتی کردەوە کە جەنگ بەردەوام دەبێت هەتا:-

1. بەبێ مەرج دوو سەربازە ئیسرائیلیەکە لەلایەن حزبوڵڵاوە بەتەندروستی باشەوە ئازاد دەکرێن.
2. حزبوڵڵا چەک دادەنێت و باڵی سەربازیەکەی بەیەکجاری هەڵدەوەشێتەوە.
3. سوپای نیشتمانی و حکومەتی لوبنان بەتەواوەتی کۆنترۆڵی باشووری لوبنان و سنووری (لوبنان – ئیسرائیل) دەکات.

سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل کە پشتگیریەکی گەورەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و پەرلەمانی وڵاتەکەی و تەنانەت هەندێ رژێمی عەرەبی هەیە وەک هەنگاوی یەکەم هەموو رێگاکانی هاتنی چەک و تەقەمەنی و سەرچاوە لۆژستیەکانی حزبوڵڵای بەئاراستە کردنی سەدان موشەکی دوورهاوێژ و فرۆکە جەنگیەکان و کەشتیە جەنگیەکان لە زەمین و ئاسمان و دەریاوە داخست و هۆیەکانی پەیوەندی کردن و سەرچاوە و بنکەکانی سەرکردایەتی شەڕی حزبوڵڵای وێران کردووە، لەپاڵ ئەمەشدا هەتا ئێستا زیانی لوبنانیەکان بە (10) ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت و بەدەیان هەزار گەشتیاری بیانی (کە سەرچاوەیەکی بەهێزی داهات و ئابووری لوبنانە) ئەم وڵاتەیان بەجێهێشت و

نرخی شتومەک بەهەموو جۆرەکانیەوە لە لوبنان و شارەکانی لوبناندا بۆ زیاتر لە (10) قات بەرز بۆتەوە و تەنگژەی دبلۆماسی دوای تیرۆر کردنی (رەفیق حەریری) سەرەک وەزیرانی پێشووی لوبنانیش بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی لوبنان لە تاکە دەروازەی رۆژهەڵاتیان (کە سوریایە) بێبەش بن، خەڵکی لوبنان چەند رۆژێکە لە تەنگژەیەکی سیاسی و ئابووری راستەقینەدان و هیچ ئاسۆیەکی رونیش نابینرێت.

خەڵکی لوبنان دەپرسن ئاخۆ بەدیلگرتنی یان تەنانەت کوشتنی دوو سەربازی ئیسرئیلی ئەوەندە دەهێنێت کە هەشت ملیۆن لوبنانی ژیان و گوزەرانیان لێبێتە دۆزەخ؟! رەنگە ئەم پرسیارەی لوبنانیەکان بۆ هەردوولایەنی شەڕەکە بێت کە ئیسرائیل و حزبوڵڵایە، بەڵام ئاخۆ کام لایەن دەستپێشخەر بوون؟!

کەناڵەکانی راگەیاندنی عەرەبی رۆڵێکی سلبی دەگێڕن لەم شەڕەدا کە هەڕشەیەکی جدیە لەسەر ئاساییش و ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کەناڵی (الجزیرە) بەوپەڕی ئازادیەوە لەناو جەرگەی ئیسرائیلدا کار دەکات و رێگای لێنەگیراوە، کەناڵەکانی راگەیاندنی عەرەبی هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو هەموو مەدەنیەی باکووری ئیسرائیل ناکەن کە دەکەونە بەر هەڕەشەی موشەکە بالستیەکانی حزبوڵڵا و هەتا ئێستا ئەم موشەکانە نەیانتوانیوە یەک پێگەی سەربازی لەناو ئیسرائیلدا بپێکن و تەنها خەڵکی مەدەنی بونەتە قوربانی کەچی ئەگەر لەسەد موشەکی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و بارەگا نهێنیەکانی حزبوڵڵا (کە لەناو گەڕەکەکانی شارەکانی لوبناندایە) یەک مەدەنی لوبنانی بکوژرێت ئەوا دەیکەنە هەڵلا و شەقامی عەرەبی پێ دەوروژێنن،

لەم شەڕەدا حزبوڵڵا باش دەزانێت کە ناتوانێت روبەڕوی ئالەتی جەنگی ئیسرائیل ببێتەوە و باشتریش دەزانێت کە ئاکامی رفاندنی سەربازەکانی سوپای ئیسرائیل و هەڕەشە کردن لە دانیشتوانی باکووری ئیسرائیل چۆن و چەند گران رادەوەستێت؟! بەڵام حزبوڵڵا وەک هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامی جیهان ناتوانێت لە ژیانی مەدەنی و ئاشتیدا بژی و رۆڵی کاریگەر بگێرێت و لەخزمەت مرۆڤایەتیدابێت. رەنگە حەسەن نەسروڵلا و هەندێکی وەک (عەبدولباری عەتوان) پێی وابێت حزبوڵڵا لەم شەڕەدا لەڕوی مەعنەویەوە سەرکەوتوو دەبێت و سۆزی هەندێک لە چین و توێژەکانی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی بەلای خۆیدا رادەکێشێت و سەرلەنوێ لە نەخشەی سیاسی لوبناندا دەبێتەوە بەژمارەیەکی حساب بۆکراو، بەڵام هەڵوێستی شەقامی عەرەبی و ئیسلامی و بەتایبەتیش هەریەکە لە میسر و ئەردەن و سعودیە و گۆشەگیر بوونی سوریا و داواکاری وەزیری دەرەوەی ئێران بەئازاد کردنی دوو سەربازە ئیسرائیلیەکە، کۆتایی بەم پەلەقاژەیەی حزبوڵڵا دەهێنێت و رەنگە ئەمجارەیان ئیسرائیل تەنها بەدوورخستنەوەی حزبوڵڵا بۆ ماوەی (30) کیلۆ مەتر لە سنوورەکەی رازی نەبێت و لوبنانیەکانیش چیتر بە لەیاسا دەرچوونی حزبوڵڵا بێ دەنگ نەبن و هەروەک چۆن تیرۆر کردنی (رەفیق حەریری) وەدەرنانی هێزەکانی سوریا لە لوبنان و کۆتایی دەسەڵاتی موخابەراتی سوریا لە لوبنانی بەدواداهات و سەدان هەزار لوبنانی رژانە سەر شەقامەکان بۆ چوونە دەرەوەی سوریا لە لوبنان، ئەم کردەوەیەی حزبوڵڵاش ببێتە هۆی چەکداماڵینی حزبوڵڵا و کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئێران لە باشوور و رەنگە لە هەموو لوبنانیشدا.

Mariwan_na@yahoo. com